ئەمیلی
گۆشەیەکی پەروەردەییە

# ئەمیلی، کوڕە نازدارەکەی ڕۆسۆ



فایەق سەعید دەینوسێت
سوید
faiekk@hotmail.com

●جان جاك ڕۆسۆ لەگەڵ ڤۆڵتێرو مۆنتیسکیۆ یەکێکە لەو سێ کەڵەپیاوەی کە سەردەمی ڕۆشنگەری پێدەناسرێتەوە. هەندێك لەو سیما سەرەکییانەی ئەم سەردەمەی پێدەناسرێتەوە، بریتین لە پشتبەستن بە ژیریی مرۆڤو ئاوێتەکردنی ئەم ژیرییە لەگەڵ زانستدا لەپێناوی بەکارهێنانیدا بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ، هەروەها هەنگاونان بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆ سێکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی دی ،ئەمە بووە هۆی ئەوەی دیاردە سروشتییەکان ببێتە سەرچاوەو هۆکاری ڕووداوە هەمەجۆرەکان، ئەمەش بەو مانایە بوو کە بەڕەکە لەژێر پێی هۆکارە ئاینییەکان دەرهێنرا. یەکێك لەو دەزگایانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بەکارهێنانی ژیرییەوە هەبوو، قوتابخانە بوو. لەم بوارەدا ڕۆسۆ پەروەردەیەکی تایبەتی بەخۆی دانا کە دواتر چووە خانەی ئەو پەروەردانەی دیکەوە کە منداڵیان لەسەنتەری پرۆسەکە دانا.
منداڵ لای ڕۆسۆ دەبێت لە سەنتەردا بێتو ڕۆسۆ پێیوایە ئەو بابەتانەی بۆ پەروەردەکردنو فێرکردنی منداڵان بەکاردێن، دەبێت لە یاریو ژیانی سروشتی خودی منداڵانەوە سەرچاوەبگرن نەك لە کولتوورو کتێبی قوتابخانەکانەوە. ڕۆسۆ پێیوابوو کە سروشت دەبێت ببێتە سەنگی مەحەك لە کارەکانداو دەشبێت وەکو نۆرمێك بۆ جیاکردنەوەی کارە باشو خراپەکان بەکاربێت. ڕۆسۆ خۆی لە ڕێڕەوی قوتابخانە سیستماتیکە زانستییەکانی ئەو سەردەمە دوور ڕاگرتو سروشتی کردە ناوەندێکی بەهێز بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، چونکە تەنها سروشتە کە مرۆڤ ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات، ئیدی چ خودی مرۆڤو ئەو شتانەش مرۆڤ دروستیکردوون، دەکرێت لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا بن. ڕۆسۆ بۆچوونە مەسیحییەکانی ئەو سەردەمەی ڕەتکردەوە کە گوایە مرۆڤ بوونەوەرێکی خراپەو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە منداڵ لە سروشتەوە بوونەوەرێکی باشە.
ڕۆسۆ لە بنەماکانی فەلسەفە پەروەردەییەکەی خۆی لە ڕۆمانی (Emile)دا کە ناونیشانی ئەم گۆشەیەیە، خستەڕوو. لەم ڕۆمانەدا بەدرێژایی ٢٠ ساڵ باس لە شێوازی پەروەردەکردنی ئەمیل دەکات، هەر لە منداڵییەوە تا خوێندن تەواودەکاتو دەبێتە مرۆڤێکی سەربەخۆ، ڕۆسۆ پێیوایە منداڵ تا تەمەنی ١٢ ساڵی دەبێت لەناو سروشتداو بەشێوەیەکی سروشتی گەورەبێت، واتە نابێت قومات بکرێتو دەبێت بەئازادی بجوڵێتەوە، بە ئارەزووی خۆی دەست بە قسەکردن بکات، نابێت نازی زۆری بدرێتێ، دەبێت لە ڕێگەی ئەو کارانەوە کە خۆی دەیکات فێری باشەو خراپە بێت، نەك گەورەکان فێریبکەن. واتە دەبێت خۆی تەحەمولی ئەنجامە باشو خراپەکانی کردارەکانی خۆی بکات. ڕۆسۆ بەشێکی گەورەی ئەم پرۆسەیە دەخاتە ئەستۆی دایكو باوکیش کاری ئەوەیە منداڵ بە تاقیکردنەوەکانی دەرەوەی ماڵ ئاشنابکات. نابێت منداڵ لەلایەن کەسانی دیکەوە (قوتابخانە) پەروەردەبکرێن، بەڵکو دەبێت خۆیان لە سروشتەوە فێربنو ڕێگایەکی دیکەی جودا لەو ڕێگە بگرنەبەر کە مامۆستاکان ئامادەیان کردووە. منداڵ پێویستی بە کتێبە ئامادەکراوەکان نییە بەو ئەندازەیەی پێویستی بە کتێبی ((سروشت)) هەیە کە لەبەردەستیدایە .
منداڵ پێویستی بە کاتو بەکارهێنانی هەر پێنج هەستەکانیەتی بۆ ئەوەی خۆی فێربێت. نابێ منداڵ فێری خوێندنەوە بکرێت تا خۆی ئارەزووی نەبێت، ئەمەش بەر لە تەمەنی ١٢-١٥ ساڵان نایەتە ئاراوە.
دوای تەمەنی ١٢ ساڵان ئەوجا منداڵ دەبێت تێکەڵ بە ژیانی زانستیی ناو کتێبەکان بێتو ئەو تاقیکردنەوانەی فێری بووە بخرێتەکار. ڕۆسۆ نایەوێت منداڵ بە ڕۆحی کێبڕکێ پەروەردەبکات. منداڵ تەنها بۆی هەیە لەگەڵ خۆیدا ئەم کارە بکات. ئەو زانیارییانەی منداڵ تا ئەم تەمەنە هەیەتی لە قوتابخانەوە نەهاتووە، بەڵکو خۆی لە سروشتەوە فێریبووە، بۆیە ڕۆسۆ دەیەوێت دوای ١٢ ساڵی منداڵ بخاتە ناو چوارچێوەی کتێبەکانی قوتابخانەوە. بۆیە دەبێت ڕێزێکی زۆر لەو هەستانە بگیرێت کە منداڵ تا ئەو کاتە پەیدایکردوون، باشترین ژینگەش بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی ڕۆسۆ گوندەکانە نەك شارەکان کە لەلایەن کولتووری شارەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.
تاوەکو ئێرە ڕۆسۆ باس لە پەروەردەکردنی کوڕان دەکات نەك منداڵ بەشێوەیەکی گشتی هەمووتان دەزانن ڕۆسۆ یەکێك بوو لەو پیاوە مەزنانەی تیۆریزەی شۆڕشی مەزنی فەرەنسای دەکرد کە بانگەشەی هاوڵاتیی ئازادو ئازادی دەدا، بۆیە ئەم پیاوە لەپێناوی پەروەردەکردنی ئازادانەی ((ئەمیل))دا بنەمای پەروەردەیەکی تایبەتی داڕشت، بەڵام بیروبۆچوونی ڕۆسۆ سەبارەت بە ئافرەتان شتێکی زۆر جودابوو. لەبەرئەوەی بەپێی نۆرمەکانی سروشت پیاوو ئافرەت دوو شتی جیاوازنو هەریەکەو ئەرکێکی جیاوازیان هەیە، بۆیە ڕۆسۆ پێیوایە ئێمەش دەبێت بەپێی لۆجیکی سروشت، کچانو کوڕان بەوشێوەیە پەروەردەبکەین. ڕۆسۆ لە بەشێکی دیکەدا باس لە پەروەردەکردنی ئەو ژنە ((سۆفیا)) دەکات کە لە ژیانی ئەمیل-دا هەبوو. ڕۆسۆ پێیوایە سۆفیا دەبێت خەریکی کاری ناوماڵ بێتو ئارەزووەکانی ئەمیل جێبەجێبکات، بۆیە پەروەردەو ئەرکو کارەکانی سۆفیا لەوانەی ئەمیل جودابوون. کۆتایی ئەم گۆشەیەش بە هەندێك دێڕی ڕۆمانەکەی ڕۆسۆ دێنم بۆ ئەوەی خۆتان جیاوازیی لەنێوان پەروەردەکردنی کوڕانو کچان لەلای ڕۆسۆ بکەن.
"یەکێکیان دەبێ ئەکتیڤو بەهێز بێت، ئەویتریان دەبێ پاسیڤو لاواز. یەکێکیان دەبێ ئارەزوو و توانای هەبێت، ئەویتریان چاکە کە نارەزاییەکی زۆر کەم بنوێنێت.... ژن بەتایبەت بۆ ئەوە دروستکراوە بۆ ئەوەی ئارەزووی پیاو بێنێتەدی... دەبێ ژن بەئارەزووی پیاو بکات نەك پشتگوێی بخات... بۆیە دەبێت لە کاتی پەروەردەکردنی ژناندا ڕەوشی پیاوان لەبەرچاو بگیرێت...هتد".
دەبێ ئەوەش بڵێم کە خودی جان جاك ڕۆسۆ هەرگیز لە ژیانی خۆیدا نەیتوانی بیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکەی بخاتە بواری پیادەکردنەوە.